


# شیعر ئەو دەرگا والآیەیە کە هەمیشە مانەوەی خۆی لەو والآییەوە پاراستووە!

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)

شیعر هەمیشە هەڵگری حاڵەتێکی دەروونیی ئاڵوگۆڕییەکانی شاعیرە و ڕێنیشاندەری هەستە پڕ نهێنییەکانە کە بە زمانی ئاسایی ناوترێن، ئەو ساتەی کە شاعیر هەست دەکات چیتر ناتوانێت بە زمانی ئاسایی بدوێت، پەنا بۆ دارشتنی شیعر دەبا ، لەسەر بنەمای ئەو زەوق و هەستەی کە دەبنە هۆیەک بۆ ئەوەی بتوانێ بە زمانی شیعر بدوێت.

شیعر، ئەو دەرگا والآیەیە کە هەمیشە مانەوەی خۆی لەو والآییەدا پاراستووە کە پێیەکی لە بووندایە و پێیەکەی تری لە ئەفراندندایە! زیندوویەتی هەر دەنگێکی شیعری ئەو ڕەوتە ڕەخنەییە دەسەلمێنێ کە هاوشانی ئەو ڕێ دەکات، چونکە جگە لەوەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئەو دەنگە شیعرییە نووسینێکی کاریگەریشە بۆ خوێنەرانی داهاتوو، واتە هەر کاتێ توێژەرێک بیەوێت گەڕانێک بە نێو دەنگە شیعرییەکاندا بکات، سەرچاوەیەکی بەپێزی لەبەر دەستدا دەبێ، پڕ لە سەرنجی جیاواز، یان ئەگەر هیچ نەبێ لانی کەم بە دیدێکی ڕووناکترەوە لەو دەنگە شیعرییانە دەڕوانێ، بەڵام بە داخەوە لە کۆنەوە تا هەنووکە، ئەو بزاوتە ڕەخنەییە بە جددی ئامادەیی نەبووە و زۆر بە لاوازی لە شیعردا دەبینرێ، بەشی ئەوە ناکا کە بتوانێ بە ڕوانینێکی تا ڕادەیەک زانستییانە وەک وەرچەرخانێکی پڕ ئاڵوگۆڕخواز تێی بڕوانێ. ڕەخنەکار دەتوانێ شیعری باش و خراپ لێک جیا بکاتەوە، ئەو ئەزموونانەی کە دەگەنە دەستی و دەیانخوێنێتەوە بە پێی تێگەیشتنی، پێوەری تەئیدیان بۆ دابنێ تا ڕاست بە ڕاستی خۆی بگا و کەسیش تووشی هەست کردن بە کەمی نەکات.

شیعری ئەمڕۆ جۆرە تێکەڵبوونێکی بنەماخوازی لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژیش داهێنانی گەورەتر و بەهێزتر دەبینرێ کە دەلالەتی نوێیان هێناوەتە ئاراوە.

(کۆچەریانە) کۆمەڵە شیعرێکی ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی ((ڕامان))ە چەند دەقێکی شیعری کورت و درێژی لە خۆ گرتووە کە تا مانی خوێندنەوە پڕ لە جوانی تایبەتمەندی شیعرییەت دەکا، زۆر شارەزایانە لەسەر هێڵی فۆرم و

جووڵەی ناوەڕۆک دەجووڵێتەوە، زمانێکی تەواو شاعیرانەی بە دەقەکان بەخشیوە:

**بارەسێو**

**تۆ گوێ هەڵخە!**
**ڕووبارێکم پرسیار و سۆز خستۆتە ڕێ**
**بە هەوراز و نشێواندا خەریکە دێ**
**هەست ڕاگرە**
**پەنجە و قورگی پەڕەسێلکەی گەرمیانم**
**پڕ کردووە لە باس و خواس**
**قەتارەیان زۆر نزیکە بگاتە جێ.**
**هەواڵ دەڵێ**
**گۆیا باڵت بۆ کۆچێکی بێ وادەی**
**سوور شانە دەکەی**
**هەواڵ دەڵێ**
**تۆ خەریکی بە سەر پردی حەزی**
**((من))دا**
**کچێنیت ڕەوانە دەکەی**
**نەتدەزانی**
**پڕ ئامێزی ئەم سووتانە**
**هیوای دواڕۆژم لەبەر پێتدا**
**چاندووە**
**بۆ نازانی باس و خواسی**
**عەشقێنیتم**
**بە گوێی هەموو باڵدارێکا**
**چرپاندووە؟!**
**نەکەی بڕۆی!**
**بێ پەرژینی گەرمی باسکت**
**لێمشت و بەستەڵەک ئەم شارە**
**دادەگرێ،**
**پێم خۆش نییە**
**تاوانی قڕبوونی شارێک ئەوکت**
**بگرێ.**
**بەبێ تینی بزە و نیگات**
**پەڕەسێلکەی گەرمیانیش**
**دێن و ئاوارە دەمێننەوە،**
**ئەوسا لە ناو ئەم وەرزی سەرما و**
**سۆڵەدا**
**ڕەق دەبنەوە.**
**نەکەی بڕۆی!**
**لە ڕۆژانی مناڵییوە**
**من لە ئاهی پەڕەسێلکە سام**
**گرتووم.**

ئەگەر لەسەر ساغکردنەوەی فیکری بۆنەوە لەو دەقانە بڕوانی کە بۆ ڕووداوەکان نووسراون، زۆربەیان لەگەڵ کۆن کەوتنی مێژووی ڕووداوەکە بە دوا ئێوارەی بیرچوونەوە دەسپێررێن، بەڵام زۆر دەق هەن کە بۆ بۆنەکان نووسراون، وەک حیکایەتێکی هەتاهەتایی هەموو سەردەمێ بە زیندوویی ماونەتەوە، بگرە داهێنانی گەورەشیان تێدا خوڵقاوە، ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی هاتووە بە وردی و بە تەکنیکێکی تایبەتەوە باس لە خنکاندنی شارێک دەکات، لەبەر سێبەری ئاماژەی شیعرییەت هێز و چێژ دەبەخشێتە دەقەکە، لەسەر بنەمای سۆزێکی کڵپەسەندوو لە خودی مانا سەرووتر دەچێ بۆ گەیشتن بە مانای ڕۆژانێکی یەکجار تاوانبار بە عەقڵی هەستەوە چاودێری لێ کردنەوەی سێو دەکرێ، بنچینەی داهێنانی بەهێز بۆ بەهرە و لێهاتوویی داهێنەر دەگەڕێتەوە و لە ڕوانگەی تێڕوانینی هەست ئامێزەوە دەڕوانێتە شتەکان و بە جوانی لە دەقەکەدا بە کاریان دەهێنێت بۆ جموجووڵێکی پڕ لە زیندوویەتی.

**یادداشت (٣)**

**باران سارده و**
**شەوگار لاسار،**
**دە واز بێنە!**
**با سەرخەوێ بشکێنم**
**لە ژێر پێڵووتا.**

شاعیر زۆر بە هەستێکی ناسکەوە دەڕوانێتە خۆشەویستەکەی و پێی دەڵێ مەمرەنجێنە، ئیزن بدە تا کۆتایی لە پێکەوە بوونێکدا بژین کە هەردووکمان ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی ئەو ساتەین لە ناو سۆزی شیعرێکەوە لێک نزیک بوونەوەیەک بۆ تێگەیاندن دەترنجێتە خودی شیعرەکەوە.

**کۆترەکانی وڵاتی من**

**کۆترەکانی وڵاتی من**
**ڕانەهاتوون**
**لە پەلکی گوڵە سیمانییەکاندا**
**ئاو بخۆنەوە**
**ئەو کتێبە ببەستن**
**باسی سەوزەڵانی و**
**کانی و**
**بەرامەی لە خۆی تەراندووە!!**
**کۆترەکانی وڵاتی من**
**هەر هیچ نەبێ**
**دەنووک لە زامی یەکترا تەڕ**
**دەکەن.**

لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکدا کۆتر هەمیشە هێمایەک بووە بۆ ئاشتی لە گەیاندنی پەیامێکدا بووەتە بنیادنەر ڕەنگەرێژی ڕاستییەکان، ئەم شاعیرە، لەم شیعرەدا شارەزایانە ئەو ڕازە دەدرکێنێ کە چەندان ساڵە دژایەتی لەگەڵ بیروباوەڕیدا لە ڕێگای خەیاڵەوە دەروازەی لێک گەیشتن دەکاتەوە، نەک هەر زاکیرەی خۆی، خوێنەریش دەباتە ناو هەرێمی ئەو نارەزایەتییە، تا هەمووان بۆ گەیشتن بە چڵوپۆپەی هیوا بچنە دیالۆگی گشتییەوە. زۆر شاعیرمان هەن

راستـەوخـۆ نهـێنی شـیـعـرەکـەیان دەخـەنە ڕوو، بەمـەش بە لای منەوە دەبێتە شیعرێکی وشک و دەستکرد کـە ئەوەندە مـاوەی تەمـەنیـان درێژ نییە و زوو دەچنە خانەی بیرچوونەوە لە زاکیرەی خوێنەر، بەڵام شاعیریش هەیە ئەوەندە بە جوانی مانای نهێنی شیعر لە چوارچێوەیەکی جێکەوتوودا دەخـەنە ڕوو کـە نەک بە جـارێک و سـەدان جـار خـوێندنەوە، بەڵکو بۆ هـەتاهـەتایـە خـــــوێنـەر بە دڵـەوە بانگوێژەی خوێندنەوەی بۆ دەکا.

**٦.**

**٤.**

**٣.**

**٩.**

**– ئەلۆ!**

**– ئەلۆ فەرموو!**

**– سلاو هاوڕێ، چۆنی؟**

**– چۆنم؟**

**لێڵی لێڵم**

**بە ڕەنگی نیـشـتـمـانی وێڵی پەلووله پاییزە؛**

**ڕوونی ڕوونم**

**لە چەشنی ڕوحی دیلی دەست کێڵگەی باران.**

**ڕاچەنیـــوم لە فـــڕکـــەی باڵی باڵدارێک**

**– چ باڵدارێکە هاوڕێ**

**وا هـەواڵی تـرسی پژاندووە لـە دەنگت؟!**

**– نازانم،**

**هەر ئەوەندە**

**خەونی وەرزی لێک دابڕانم ئەبینی**

**لە دوادوای قەتارەیەکی سپیدا**

**جەستـەی بە دەم باڵەکـانیـەوە ئەکشا**

**– باڵدارێک لە ڕەنگی نیشتمانی مە –**

**ڕوحیش لە ئاوڕدانەوەی سات بە ساتی**

**ئەم درەنگە پاییزەدا، هەنیسکی ئەدا.**

(٢)

**ئەلۆ!**

**– بەڵێ شیرین،**

**– لە کوێوە دەدوێی؟**

**دەنگت... کاڵی... کاڵە؟**

**– لێرەم سێوێ**

**لە نێوان حەزی مانەوە و**

**ڕاکـێـشـراکـێـشی فـڕینێکی کۆچاویدا،**

**لێرەم**

**لەسەر ڕێژگەی**

**ماڵاواییە کوتوپڕەکانی کارەساتدا،**

**باڵ بە باڵی خورپەیەکی بێ وڵات**

**هەر دەکشێم و**

**هەنیسک ئەدەم.**

ژمارە لە مـەودای جیاجیـادا یەک ئـەوی تـر وەدەنـگ دێـنـێ و ئـەوی تریش دەبـێـــتـــە تـەواوکـــەری جـیـاوازیـیـەکـان. ڕەسـوولْ سـۆفی سـوڵـتـانی لەم دەقـەدا جـارێک لە حەقیـقـەتەوە وەهم بۆ داستـانەکـانی خـۆی دەگـوێزێتـەوە، جـارێک لە وەهـمـەوە حـەقـیـقـەت بۆ خـۆی و خۆشـەویسـتـەکـەی دەگـوێزێتـەوە، ئاگـــابوونێـک لە دووری دوورەوە دەبەخـشـێـتـە ئەو ئەزمـوونە کـە بوێرییان تێدا نواندووە بۆ گەیشتن بە دوورگـــەی بەخـــتـــەوەری، بە خـوێندنەوەی ئەم شـیـعـرە ئەوەت بۆ دەردەکـەوێ کـە شـاعـیـر کـەسێکی خاوەن تواناییە، چونکە توانیـویەتی بە هەمـوو کـەرەسـتـەیەکی خـاوی بزواندن خەریکی داهێنەری دەقەکانی بێت، ئەوەیش ڕوون دەبێتەوە ئەگەر شـاعـیـر بۆ خـۆی شـارەزا بێ، ئەوە دەتوانێ هەموو ژمارە و وشەکانی نێو جوگرافیای بزوێنەر بۆ بەکارهێنان لە شـیـعـردا بگونجێنێ، دەسـتـپـێـکی هەموو ئیشێ سانایە، بەڵام کۆتایی دژوار.

**یادداشت (٩)**

**تۆ منت خۆش ئەوێ و**

**من...**

**هەڵۆش چیای خۆش ئەوێ و**

**چیا...**

**شەهیدیش خاکی خۆش ئەوێ و**

**خاک...**

**بارانیش تۆی خۆش ئەوێ و**

**تۆش**

**ئەمن**

**ئەمـــــــیـە ڕازی نـەبڕانـەوەی مەنزوومەی عەشقێنیمان.**

خۆشەویستیی بێگەرد ئەگەر وەک مـــەســـیح لە دەروونی دایکێکی پاکـداوێن لە دایک ببێت، ئەوە ئەو خۆشەویستییە نەمرییەک بە یەکبوون دەبەخشێ تا ژوورێکی ئاوێنەیی لە هەمـوو لایەکەوە ئاوڕی لێ دەدەنەوە، خـۆشـەویسـتی خـولیـایەکی بەهێـزە، بەهەرە لـە یەک تـێـگـەیـشتن و یـەک هیوایی وەردەگرێ، ئەم شاعیرە لەم شـیـعـرەدا پێـویـسـتـیـیـەکـانی خـۆشـەویسـتی وەک کـۆدەنگێکی بەهرەداری ئەزموون مانا دەکاتەوە بۆ گـەڕان و پەی بردن بە مـــەزنایەتی پاراسـتنی ئاسـۆی بوونی یەکـتـر، تا وەک ســــەرچاوەیەکی بەپیت و یارمـەتیـدەر لە ڕوانگەی کـردنەوەی بیـری یەکـتـر بڕوانن بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ و خۆ خواردنەوە.

شاعیر ساتێ هەستی نووسینی شیعرێک دایدەگرێ و دەچێتە خەیاڵی نووسینییەوە و تێرامانی دەجووڵێنێ، بۆ ئەوەی شیعرێکی باش بەرهەم بهێنێ کە لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی مەعریفی زیندوو هاتبێتەدی، چونکە داهێنانی شیعر بەرهەمێکی تاکخوازە.

**هەموو شتێک... هیچ**
**شارێک دەنووسمەوە**
**خانوو بە خانوو**
**سلاو بە سلاو**
**ئەیسووتێنم**
**باخێک دەکێشمەوە**
**دار بە دار و**
**جریوە بە جریوە**
**ئەیدڕێنم**
**شیعرێک دەهۆنمەوە**
**پیت بە پیت و**
**خۆم بە خۆم**
**ئەیمرێنم.**

ئەگەر لە رووی ناوەرۆک و پێویست بوونەوە لە هیچ بڕوانی، هەمیشە پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆر هەیە، تا بتوانرێ بە بەرنامەیەکی تۆکمە و دارێژراو هەنگاوی ئاڵوگۆڕی تێدا بنرێ، شاعیر لەم کورتە شیعرەیدا بە لە یەک تێگەیشتنەوە بانگەشەی ئەوە دەکا کە وا پێویستە بە لەیەک نزیک بوونەوە و یەکدەنگی تەواوکەری یەکتر بن و لە یەکتر جیا نەکرێنەوە، بۆ ئەوەی هەموو بە یەک ئاراستەدا بڕۆن، دەنا هەرگیز نە خەون و نە هیوا ناتوانن بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئازادبوونێک لە یەک بئاڵێن. شاعیر لەم کورتە شیعرەدا هاوشان لەگەڵ دەنگی شیعرییەتی خۆی لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە جوانکارییەکی بەرچاوی پێ بەخشیوە، کە دەتوانرێ بە باشترین کورتە شیعری ئەو کۆشیعرە بناسرێ.

تاقیکردنەوەی نووسینی کورتە شیعر، تاقیکردنەوەیەکی گرینگە لەسەر رێچکەی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی نوێ، دوور لە مەنتیقی قسەی ئاسایی.

**سەردان**
**زەنازەنای چ ترسێکی ئاڵۆز**
**لە غەریبیتدا**
**مەرگێکی چەند سادە – چەند سادە**
**لە کۆچاوکۆچتدا**
**(چەند سادە – چەند سادە**
**ئەمهەویست بە سەر داڕووخانتدا ببارم)**
**بەڵام!**
**کە سەرما دێ و**
**سەر بە ماڵەوماڵی رۆژەکانتدا دەکا**
**نە دار وەرزێکی دێتە دواوە و**
**نە تۆش سەوز دەبیەوە تازە.**
**– بە کوڵ دەگریم و هیچی تر... –**
**چ لەپڕ رووی دا**
**گووران و باڵیان گرت و جێیان هێشتی**
**ساڵەکانت.**
**چ لەپڕ رووی دا**
**بەر لەوەی گەڵایەک چرتە بکا**
**ئاوا مناڵانە پیر هەڵگەڕای.**
**ئاااخ**
**کە سەرما دێ**
**سەر بە ماڵەوماڵی رۆژەکانتدا دەکا**
**ئیتر نە دار وەرزێکی دێتە دواوە و**
**نە تۆش سەوز دەبیەوە.**

سەردان رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، ئەگەر لێی رامێنی، پێوەندییەکی پتەوی بە ژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاوە هەبووە و هەیە، رەوتێکی زۆر بەهێزی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی رۆژگارەکەی گێڕاوە، لای شاعیرانیش سەردان جێیەکی بەرزی لە نێو شیعرەکانیاندا هەیە، شیعری هەر نەتەوەیەک بخوێنیتەوە، یان بە سەرنجەوە لێی ورد ببیتەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە سەردان تا چ رادەیەک بایەخ و گرینگی پێ دراوە، رەسووڵ سۆفی سوڵتانی شاعیر لە دەقی سەرداندا لەسەر بنەمای سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرانە بە وردەکارییەوە ئەو سەردانەی کە خۆی و بەرانبەرەکەی چاوەڕێین، دەخاتە چوارچێوەی زمانی دەربڕین، تا خوێنەر بە مەنتیقەوە بتوانێ شیکردنەوە و روونکردنەوەی تێدا بە کار بێنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کۆتایی خوێندنەوەکەیدا هەست بەو چێژە بکات کە دەقێکی پڕاوپڕە لە جوانی و رەمز و هێما بۆ راکێشانی سەرنج بۆ خوێندنەوە، ئەمەش لەگەڵ سەرنجی ئاسایی زۆر جیاوازە، بۆ وێنە شاعیر بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە دارشتنێکی هونەریی جوان لە نێو زمانێکی سفت بە کار بهێنێ کە بە خێرایی سەرنجی خوێنەر بۆ لای شیعرەکەی رابکێشێ! ئەگەر لە چەند روویەکەوە لە تازەگەری بڕوانی، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە لە لایەن هەموو خوێنەرانەوە پێشوازی لێ ناکرێت، بگرە هەندێ جار دەخرێتە بەر تانە و توانج، بگرە

هەندێ جار چەندان بابەتی توندی بە ناو ڕەخنەیی ئاراستەی دەکرێت کە سەر بە هیچ ڕێبازێکی ڕەخنەیی نییە، تەنیا خۆ خولاندنەوەیەکە لە ناو بازنەی ڕەت کردنەوە و دژایەتی کردندا.

**سەفەر**

**تۆ ڕۆیشتی**
**من هەموو ئێواران سڵاو**
**ڕووت ڕووت ڕووتی کردمەوە**
**تەنیایی**
**بارانێک شۆردیەوە**
**دوور**
**بایەک شەمزاندتی**
**غەریب**
**تووڵەڕێیەک تێت ئاڵا**
**(نازانم چۆن....**
**گەڕایەوە**
**پڕ مەراقی یادداشتی ڕۆژانەی تۆ**
**پڕ پڕ لە من**
**دوور غەریب نازانم چۆن،**
**بەجێما تۆیەک لە من**
**منی تەنیاتر**
**تەنیاترین.**

سەفەر دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە شرۆڤەی بۆ بکەی؛

**یەکەم:** لە هێڵی ئاماژەدا دەتوانێ خۆی بخاتە نێو دنیایەک کە سەر بە ڕێبازی گۆڕانکارییەکانە.

**دووەم:** لەسەر بنیادی لێکچوواندنەوە بە هێزیی خۆی لە دەست بدا و بچێتە ریزبەندی لێکچوواندنی ئاسایی. شاعیر لەم دەقەدا مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ دەنگی مانای وشەی شیعرەکەدا کردووە، بە شێوەیەک ئازادبوونی سەفەری خۆی و خۆشەویستەکەی خستووەتە ناو چوارچێوەی هونەری شیعرەکەوە، بۆ خواستی خوێندنەوە، لە ڕەوانبێژیدا زمانێکی ڕوون و دوور لە تەمومژاوی بۆ پیشاندانی ڕاستییەکانی دەروونی لە شیعرەکەیدا بە کار هێناوە، بە ڕوونی مانای وێنەی شیعریی مەبەستەکەی دەخاتە ڕوو، بابەتی زیندوو، بابەتی نەمر، بە مانا گشتییەکەی، داهێنان، ئەو بابەتەیە کە لە لای خۆیەوە مۆرکی ڕەسەنایەتی سەربەخۆی پێوە دیار بێ و تێیدا ڕەنگ بداتەوە، بەردەوام لە نوێبوونەوە و گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا بێ.

**پوختە**

به خوێندنەوەی وردی شیعرەکانی ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی (ڕامان)، یان بە شەنوکەوکردنیان، ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە شاعیر لە بواری فۆرم و ناوەرۆکدا سەرکەوتووە، لە بواری زمانی شیعرەکانیدا سەلیقەیەکی باش و وردی بە کار هێناوە، بەمەیش تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ببێتە خاوەن شێواز و دەنگی خۆی.

**ژێدەر:**

**١- کۆچەریانە، شیعر، ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی (ڕامان)، ١٣٨٠.**
**٢- دەنگەکانی ڕەخنە، وتار، ئەحمەد حەقناس.**
**٣- شیعر تەنیا هەر بنەمایە، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، ئەحمەد مەلا، ٢٠٠٥.**
**٤- فەقیانەیەک لیپ لە شەپۆلی هەڵماوی، وتار، کەیهان عەزیزی.**
**٥- بزووتنەوەی ڕوانگە، هیمداد حوسێن، ٢٠١١.**
**٦- نود، نووسینەوە، دیدار و وتار، ئەنوەری ڕەشی عەولا، ٢٠٠٨.**
**٧- شاعیری ئەمڕۆی ئێرانی، دیمانە، لە فارسییەوە: کەریم سۆفی، ٢٠٠٦.**